خەزگەو هیوا … عومەر محەمەد

لە پەراوێزی دووەمین ڤیستڤالی فیلمی سلێمانیدا …

ئامانجی ئەم وتارە ئەوەیە بۆتەنیشت لێکۆڵینەوەی زانستییەوە بە ئەم تراژیدیایە، هونەریش ڕووبەڕووی خۆی ببینێت و وەک تاوان و تراژیدیاکانی تری هاوشێوەکانی مرۆڤایەتی بە نموونە تاوانی هەڵکەست و جینۆسایدی ئەرمەنەکان بهێنرێت بکرێت و داهێنانی ئەدەبی و هونەری لەبارەیەوە بکرێت .
ئەگەر سینەماکار زەریش ڕەنجیتە ناو مۆزووەوە تەنها لە سەر ئەو ستەمکاریانە بووەستێت، کە لە ناوەراستی هەشتاکانی سەدەی ڕابووردووەوە دەرهەق بە کورد دەکرێن، ئەوا هەزاران چیرۆک دەبێنە ئایدیاو خۆنی کارکردنی، با تەنها هەوڵستێک لە گازبارانی هەڵەبجەو ئەنفال بکەین، لەوکاتەوە هەتا ئێستا لەگەڵ مردنی هەرمرۆقێکی ئەودەڤەرانەدا چیرۆکێکیش دەمرێت، کەچی زۆر بەباکین ! ئەگەر لە دوای ڕاپەڕینەوە هەتا ئێستا کە شەنگالیشی هاتووەتە سەر چیرۆکەکانمان دەکەوەمنتکردبا، ئێستا خاوەنی خەرمانێکی گەورە لە چیرۆکی جەلادو قوربانی دەبووین، خاڵی جەوهەری ئەوەیە کە هەموویان زەلیل بوونمان ناگەنەوە، بەڵکو لەناویاندا قارەمانی گەورە هەن، نموونەیەک دەکەمە یارمەتیدەر (ئەوارەی گازبارانی هەڵەبجە، خانەوادەی حاجی ڕەحمانی نارنجە هەموویان بریندار بوون و تەنانەت بینایییان لەدەستدابوو،کەچی کە سوپای عێراق شکا سەربازێک بەناوی خالد عەبدولکەریم عەلوان چەکەکەی فرێداو وەک هەڵاتووی بەرەی جەنگ بە (خاترالڵە خاترالڵە ساعدونی) خۆی هاویشتە ماڵی حاجی ڕەحمان، ئەم پیاوە بەو پەری میهرەبانییەوە لەبری تەقە ئامەزی بەکردەوەو دەستێک جلی کوردی پێداو وەک کوڕێکی خۆی لەگەڵ ماڵ ومنداڵەکەی خۆیدا بردی بەکەمپی ئاوارەکانی ئێران، لەوێ کاتێک کەوتە بەر سوسەی سیخورەکان، حاجی ڕەحمان، گوتبووی (ئەم کوڕەم هەر بە سکماک بە زمانەو ناتوانە قسە بکات) چیرۆکەکە درێژەو لەرە دەبەینمەوە بۆئەم دەمەوە سەرنجی سینەماکاری کورد ڕابکێشم، چونکە ئەگەر بخوازە دەتوانە بەفریا بکەوە و هەتا (سەربازەکە) لە ژیانداماوەو وەک حاجی ڕەحمان دنیای بەجێنەهێشتووە، هەوێنی فیلمێکی جوان و بایەخدارە بە ئاشتی ولێبوردەیی.
لەهەمان کاتدا بەپێجەوانەی ئەو دیدە باوەشەوێیە کە هەمیشە کورد وەک زەلیل و قوربانی بەدەستەات دەخاتەوو، بە هیوام لە داهاتوودا بەشی فیلمسازی زانکۆی سلێمانی بتوانە پشەنگایەتی بکات و

بەدیقەتەوە ڕەگەزەکانی ئازایەتی و خۆنە جوانەکانی مرۆڤایەتی لەو تراژیدیایە)دا بەدەستەوەبە هونەری بەخشندەیی ومهیربانی،خەزگە یەکەمین فیلمی ڤیستڤال دەربارەی تاوانکانی جینۆساید (هەلەبجە، ئەنفال، شەنگال) یان هەر یەکێک لەو تاوانانە دەبوو، ئەمەش نەک وەک ئەوەی بەدنیا بڵێین ئەمە ستەممان لێکراوە بەکو بەو هیوایەی لە ناو چیرۆکەکانی ئەم تاوانانەدا قارەمان بدەزنەوەو ببێتە جێگەی سەرنجی سینەماکارانی کوردو ئەوانی دی.

تێبینی :
ئەم بابەتە لە لاپەرە ٦ی ژمارە 5ی شارسینەما کەبەناوکراوەیکی ڕۆژانەی فیستیڤاڵ لە ریکەوتی ٢٠١٧/١٠/5 بەناوکراوەتەوە، بەڵام بەداخەوە بەهەی گەینی تایتڵەکەی هەڵەیەک رویداوە ئەوان لە بری "خەزگەو هیوا" ئەم تایتڵیان نوسیوە : (فریای بکەون تا حاجی ڕەحمان دنیای جێ نەهێشتووە) هەوڵەکەش ئەوەیە، کە بەداخەوە حاجی ڕەحمان لە ساڵی ١٩٩٩ دا کۆچی دوایی کردووە، ئەو بریندارەی گازباران نەیکوشت بەڵام گەرماو ئاوی گەرمی ئەردوگای زەرەملەی گردچاڵ کوشتی.

٣/١٠/٢٠١٧ سلێمانی

ڤیستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی سلێمانی ... شاهێ عارف

ناوی گەورە و شاری وێران!

ڤیستیڤاڵە سینەمایەکان لەسەر چەندین ئاست خزمەتی گەورە بە فیلم دەکەن و بەشکی دانبەداوی فەزای سینەمایین. ڤیستیڤاڵ ئەشەت ببەت بە یەکەمین هووبەری بەرکەوتنی فیلم و بینەرکانی، ئەشەت سەرتایەک بەت بە کەکردنەوەی سەرنج لەسەر فیلمکان و دەزینەوەی بازاڵ و گەورەکردنیان. ڤیستیڤاڵ ئەشەت هونەرمەندکان لە یەکتر نزیک بکاتەوە، ئەشەت بە هەندکیان بە تایبەت تازەکارکان پاڵنەر و هاندەرکی گەورەبەت. ڤیستیڤاڵ ئەشەت بزوێنەری ئابووری شار و وەاتەک بەت. دواجار ڤیستیڤاڵ حوکمەکی کاتی و جوزئیە بەسەر

فیلمدا.

ڤیستیڤاڵکانی فیلم ئەمڕۆ لە زۆر شار و وڵاتی دونیادا هەن، تەنانەت هەندێک شار زیاتر لە ڤیستیڤاڵێکی فیلمی هەیە. سازدانی ڤیستیڤاڵ سەرباری لایەنە پۆزەتیڤەکانی بە نیسبەت فیلمەوە، چەندین دیوی تاریک و زیان بەخشی هەیە. بە نموونە بوونە وەسیلەیەک بۆ حکومەتان بۆ سەر باش و خراپی فیلمدا. بگومان هەڵسەنگاندن و دیاریکردنی باش و خراپی فیلم پرسیارێکی ئاڵۆز و تەومژاویە. ئاسان نییە بزانین بۆچی سینەمای ئێران و بریسێن لە پاش مەرگیانەوە دەست پێدەکەن؟ بۆچی فیلمکانی گەداری بیرمەند و فیلمسازی گەورەی فەرەنسی براوەی یەکەمی هیچ ڤیستیڤاڵێک نین؟ ناکرێت باوەڕ بە پاوەری ڤیستیڤاڵ بکەین وەکو داوەرێک بۆ سەر فیلمەوە.

جگە لەوەیش، زەرجار ڤیستیڤاڵکان دەست بۆ سەر بیرکردنەوەی دەرهێنەرکاندا دەگرن و خەڵات دەدەنە ئەو جۆرە فیلمانەی کە مەبەستیانە، ئەمەیش وا دەکات فیلمکان بە ئاڕاستەی پاوەرکانی ئەو ڤیستیڤاڵانەدا بڕوات. وەکو هەندێک لە کوردستان لەم ساڵانەی دوایدا فیلم لەبارەی هەڵەبجە و داعش و فەندەمێنتاڵیزمی دینی و مەسەلە خوازراوەکانەوە دروست دەکەن بەبێ ئەوەی هێڵێک لە ژیانیاندا بەرکەوتنێکی واقیعی و فیکریان لەگەڵ ئەم بابەتانە هەبوبێت. لەگەڵ ئەمانەیشدا زەرجار ڤیستیڤاڵکان ئامانجی بزنس و بازرگانیکردن دەخەنە پێش زەرورەتی هونەریەوە. لەوانەیشە هەندێک ڤیستیڤاڵ وەکو ڤیستیڤاڵی نەوەوەتی فیلمی سلێمانی هەڵەندی سیاسی و شێوە زمان و خەیاڵی بەرگری لە شاری هەڵشنبیری سازاندبێتی.

بەبۆچوونی من ڤیستیڤاڵی فیلم ئەوکاتە مانای هاستقینەی خۆی وەردەگرێت کە خەکرد بێت. واتە هەوتی گۆش و بەرەوپێشچوونی کلتوری سینەما داوای بکات و بیخوازێت نێک وەسیلە بێت بۆ ئامانجی تر! ئایا ئەم ڤیستیڤاڵە نەوەوەتیە لە هەلومەرج و قەیرانێکی ئاوادا چ زەرورەتێک دروستی کردووە؟ ئایا بەهاستی کلتوری سینەمایی لە کوردستان گەیشتە ئەو ئاستەی بۆنەی نەوەوەتی بخولقێنێت؟ ئایا ئەم هەڵبژاردە چ خزمەتێکی فیعلی بە فەزای سینەمایی سلێمانی دەکات؟ ئایا مەعریفەی سینەماکار و نوسەر و هەڵسەنگاندنی سینەمای لە ئاستی دونیادا هەبێت؟ مرۆڤ تووشی هاچەکین ئەبێت کە بیر لە وەڵامی ئەم پرسیارانە دەکاتەوە. وەک چۆن هەموو کایەکانی تر ئیفلیج و پەککەوتن و باند و گروپی مافیا ئێیبات بەسەوە، کایەی سینەمایش لەوە بەدەر نییە.

ئەم شارە کە خاوەن ئەم پەلە سینەماکار و هونەرمەندە و جوری فیلمەیە بۆچی چوار کتێبی باشمان لەبارەی سینەماوە نییە؟ بۆچی هاوتەک، گۆڤارێک، لانی کەم یانەیەکی سینەمایمان نییە؟ بۆچی ئەم پارە زۆبەلاحە لە دروستکردنی هۆڵی سینەمادا سەرف ناکرێت؟ بۆچی ئەم سەرمایە ناخرێتە خزمەت دروستکردنی فیلمەوە؟ یان یارمەتی گروپێک گەنجی پێنادرێت کە دەیانەوێت فیلم دروست بکەن؟ وەک ئاسانە؛ ئاوەی ئەمە حیزب و کەمپانیاکانی حیزب ئەیانەوێت ئەم گوتار و بیرکردنەوە ڕیشەیی و بونیادیە نییە، ئەوان خەیان بە کەشکان و ئایکۆنەکان سەرقاڵدەکەن کە ئەچنە خزمەت ستراتیژی حیزبەوە.

ئەوانەی دونە خەریکی دەرکردنی یاسابوون بە سینەما و ئەمە خەریکی کەسابەتی ڤیستیڤاڵن، خەیان پێناسەی خەیان دەکەن. ئەوان ناتوانن بیر لە بناغە و بنچینەکانی کلتوری سینەما بکەنەوە و هیچیان بە ئاو مەبەستە لەدەست نایەت. ئەوان بە بەوانامەی قەبەوە توانای ئاویان نییە مێژووی فیلم و کاری سینەمایی ئەم ناوچەیە بخوێننەوە و تیۆریزەی بکەن. ئەوان ناتوانن کتێبێک، وتارێک تەنانەت ڕیڤیوێک دەربارەی فیلمێک بنوسن. ئەوان پاشەوانی شاشەکان و بینەری فیلمی تەلەفیزیۆنەکانن، زۆربەیشیان دوور و نزیک ئاگاداری فیلم و سینەما نین. ئەوان پێیان وایە ڤیستیڤاڵ پنتی ناساندنی کورد و دەزی کوردە بە دونیا کەچی پێگەیەکی ئەلیکترۆنی کەپیکراویان داناوە و پێیان شەرمە زمانی کوردی بە ئاو پێگەیە و ژەرنووسی کوردی بە فیلمە پێخشکراوەکان زیاد بکەن! ئاگەر قەراربێت لە ئەستادا ڤیستیڤاڵێک هەبێت، ئەبێت ئاو ڤیستیڤاڵە لەکاڵی بێت فیلمە نوخەیەکان هونەرمەندە، لەبری خەڵات بەخشین و پارە سەرفکردن لە بیانیەکاندا، یارمەتی دەرهونەر و سینەماکارە لەکاڵیەکان بدات و باربیان بکات.

هەمانەی دەماندن … زاهیر باهیر

حیزب هەر ناو و ناونیشانێك و هەر ئامانجێکی هەبێت ، چی دیکە نییە جگە لە هەمانەی دەماندنی فشە و درۆ و پاگەندە، ئامرازی هەڕەشەتاندنی خەڵک و چەواشەکردنیی جەماوەرەکەی و خەڵکانی دەروەشتی .

تکایە تەماشای ئەم لینکەی خوارەوە بکەن و هەوڵستی هەڵوێستی هەڵپە و قسە بە سەروبەرکانی زمانحاڵکەی ' عوسمان بایەدەمیر ببینن'، لەسەر کچی دوایی تاڵەبانی . پشتریش قسە و ئاگەیاندنکانی ' کچەکە' و ' پیادە' شمان بینی، سەبارەت بە مردنی نەوشیروانیش و مردنی ئاتای تاڵەبانی-ش.

من هەرگیز لە لەگەڵ جەنگدا نیم تەنانەت لە نەوانی ئەمریکا و بریتانیاشا، چونکە دەزانم ئەوەی کە لە هەموو ڕوویەکەوە باجەکەی دەدات خەڵکە ئاساییەکەیە ، جا ئیدی من چۆن دەتوانم لە بڕەی خوازیاری شەڕ و بەیەکادانی وڵاتانی دراوسێ و نێو حیزبە کوردییەکانیش بم . بەڵام هەڵوێست و قسە قەڵەکان و بە بنەماکانی ئەمانە دەگاتە ئاستی کاودانان لەسەرمان و هەڵخەڵتاندنمان ئەو کاتەش کەس تەحەمولی ناکات. دیارە من ناڕەزام با پیادە و پەکەکە و کچەکە و .... پیامی پرسنامە نانێرن یا لە کچی دوایی نەوشیروان و جەلال تاڵەبانی و بەیانی بارزانی-دا بەشدار نەبن ، بەڵام کورد دەڵێ هەموو شتێ بە خۆ و خۆش بە مانا. مرۆڤ دەکرێت دەست و دووژمنی واقیعیانە ببینێ و هەستنگێنێ ، نە زیادەڕەوی پێوە بکات و نە نوقمی ئەرزیشی بکات .

ئاخر هەر زەر بە کورتی بڕچی دەبێت مام جەلال لە دەی 40 ملیۆن کورددا بژی؟ بڕچی دەبێت سەرکی هەموو کورد بووبێت؟ ڕەی گرنگی مام جەلال چی بوو؟!!!!! کام یەکێزی کوردی پاراستووە؟!! ئەو نەیتوانی یەکێزی یەکێتی نیشتمانی-ش بپارێزێت.
مام جەلال لە ڕۆژی بڕیارسبوونیوە لە پارتی دیمەکراتی کوردستان کە دەگەڵتەروە بە کۆتایی پێنجاکانی چەرخی پێشوو تا ڕۆژی 17/12/2012 کە لە گفت و گردار کەوت ، مێژووکەی شاهیدی فاشیلبوونی خۆی و سیاسەتکانی دەدات. من لێرەدا تەنها هەندکیان ئیز دەکەم :

• ڕەی سەرکی ئەو لە هەڵگیرسان و بەشداریکردنی بزتوتنەوەیەك کە هەر لە سەرەتای دروستبونییەوە تا ئێستای بە زیانی کورد و قازانجی نەیاران ، تەواو بووە.
• جیابوونەوەی لە پارتی .
• پاڵدانی بە حکومەتی بەعسەوە .
• بەشداریکردنی لە دروستکردنی کەمەڵەی مارکسی –لێنینی / کەمەڵەی ڕەنجدەران، ڕۆژی لەوەدا.
• دروستکردنی یەکێتی نیشتمانی.
• گەرموگوڕی و سیاسەتکردنی لەگەڵ حکومەتانی ئێران و سوریا و تورکیا بە ئەوەی بتوانێت بڕدەك بخاتە سەر بڕدەك بە کوردانی ئەو

بەشانە.
• دروستکردنی دەسەلاتی کوردی بە هاوکاریی پارتی ، کە جگە لە نگبەتی و نەبوونی و ناخۆشی چی تری بە کورد نەهێنا.
• شەڕە ناوخۆییەکانی نێوانی بزوتنەوەی کوردایەتی لەگەڵ حیزبی شیوعی و لایەنەکانی دیکە لە شاخ و دواتریش کە هاتنەوە شار.
• تێسلیمبوونی بە ئەمریکا و وڵاتانی ئۆژاوا لە ساڵی 2003 و بە ئاوەی پەداگریی لەسەر لابەلاکردنەوەی کۆشەی کەرکوك و ناوچە ناکۆکان، بکات.
• ئەو چەند ساڵەی کە سەرکەکەمار بوو نەیتوانی قسەیەکی جددی لەتەك حکومەتی عێراق و بەرەکانی سونە و شیعە لە سەر کەرکوك و ناوچە ناکۆکان بکات و هەڵگای دا کە مادەی 140 وەکو خۆی بمێنێتەوە.
• کۆشەکانی ناو هێزەکانی یەکێتی نیشتمانی لە سای ئەودا قوڵتر بوونەوە ئەو بەرپرسی سەرەکی بوو، کە لەو بارەشدا تەنها خەڵکە ئاساییەکەی کوردستان زەرەری لێکرد.
• کە لە شاخ و لە شار بوون بە ئاگەداری ئەو بە سەدەها ژن بە بیانوی جیا جیاوە کوژران و بوونە قوربانی..
• بناخەی گەندەڵی و مەحسوبییەت و واسیتە و خەڵگەریی و تیرەگەریی وشەخگەریی و ناوچەگەریی دانا و دیوەخانانەی بە سەرانیان بییەوە.
• داەدەی ئەنفالچیان و کیمیاباران و موستەشارەکانی هەموو دا، بەمەش دوو پەنجەی بە قوربانییەکانی دەستی ئەو تاوانبارانە ، بەرزکردەوە.
• کەرتە دەوڵەتییەکانی خزمەتگوزاریی بە ئاگەداری و هەزامەندی ئەو بەرەو فەرامەشکردن ڕۆیشتن و کەرتی تایبەتی و کەمپانیای دەرەکی و ناوخۆیی تایبەتی لە بڕودا بوون . جگە لە کردنەوەی دێها زانکۆ و پێمانگای بە کەکی ئەجنەبی.
• بەئاگەداریی و هەزامەندی ئەو هەرچی دەزگە سیخوڕییەکانی وڵاتانی دەروەراوسێ و زلوڵاتانی جیهانییە ، لەناو کەمەڵەی کوردستانا تەراتێن دەکەن، گەر هاووڵاتیانی کوردیش تیرەر بکەن ، دەستخۆشییان لەدەکرێت و کراوە ، لەبری لێپچینەوە.
• ژینگە و سروشتی کوردستان وەرانکرا بە بەدەرهەنانی نەوت و لەدانی بیرە نەوت و خستنە بازاڕ و سەرجادەی سیارەیەکی یەکجار زەری بە شومار.
• ئازادی تاك هەکخراوە کەمەڵایەتییەکان ڕۆژ بە ڕۆژ لە کەمبوونەوەدا بوون ، تا گەیشتە کۆژارانی چالاکوانان و ڕۆژنامەنوسان.

http://rojnews.net/haber/20542/.html

مەراسیمی بەرژوەزیانەی شیوەن و گریان بۆ سەرکەکان ! ... سابیر محەمەد

کولتوری ستالینیانەی گەلانی مەراسیم بۆ سەرکردە سیاسیەکان ، بەهەی مەزنی شۆشی ئۆکتۆبەرەوە بۆتە مۆتەکەیەکی گەورەی جیهانی ... لینین بۆ هیچ شتوویەک ڕازامەندی خۆی لەسەر مەراسیمی بەرژوەزیانەی مردن و ناشتنەکەی خۆی ڕانەگەیاندووە ، دواتر کرێپسکایا ویستی ئەم وەسیەتە جێبەجێ بکات بەڵام هەڵوێستی ستالین لە کڕێپسکایاو هەر کەسێکی تر لە ناو بۆشەڤیکەکاندا ، لەلایەن ستالینەوە سەرکوتکرا ، ستالین لە پێناو دەرخستنی ڕاستی خۆیی و سەپاندنی هەژموونی خۆی لەم مەراسیمەداو جێگیرکردنی کولتووری پەرستنی سەرکردەی پیادەکرد.

ئەم مەژووە تەحریفکراوە تائێستاش ڕواجی هەیە ، بە نمونە کەریای باکوور چیان نەکرد بە کیم ئیل سەنگ ؟! ...هتد .
بلیخانەف لە کتێبی "ڕۆڵی فاکتەری مادی لە مەژوودا " باس لە ئیحساس و عاتیفەی مرۆڤەکان ئەکات لە کەمپەینگای سەرمایەداریدا یان لە کەمپەینگای چینایەتدا ، نمونەی دوو دایک ئەهێنێتەوە کە کوڕەکانیان ئەمرن ، یەکێکیان (ماشێنکای) خاوەن دەسەاتە ، دووەمیان (ماشێنکای) ژنە هەژاری ناو ماڵە .
بلیخانەف ئیحساس و عاتیفەی ئەم دوو ژنە و ئەم دوو دایکە شی ئەکاتەوە کاتێک کوڕەکانیان ئەمرن .

شیوەنی ماشێنکای هەژاری ناو ماڵ بە کڕێ مردووەکەی هەمووی بریتییە لە یادکردنەوەی ئەو یادگاریانەی کە بە کەسایی و کوڕەی چاوەڕوانی کوڕەکەی کردووە کە ئێستاوە بە ماڵەوەو بژێوی خۆی و دایکی پەیداکردووەو دابینکردووە .
شیوەنی ماشێنکای خاوەن دەسەات بریتیە بووە لە یادکردنەوەی یادگاریە خۆشکانی ئەم دایکە کاتێک کوڕەکەی منابووە ئەویش لە هەڵەکانی جێژنگەڵان و سەفاو خۆشیدابووە ...

کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستانیش بە ژن و پیاوەوە و بە مردنی

سکرتێری یەکێتی و سەرۆک کۆماری عێراق فرسەتێک دێتە بەردەستیان کە ناخی خۆیان بۆتاڵبکەنەوەو خۆیان لە قوڵبگرن و بگرین و شیوەن بکەن بە ئەو ژیانەی کە تیایدا ئەژین ، بەڵام بە شێوەیەکی هەوکەشیانە گریانە بە سەرۆک .
سازکردنی ئەم مەراسیمانە پێش هەموو شتێک زیادکردن و بەهێزکردنی دەسەڵاتی حیزبە قەومیە کوردیەکان و دەسەڵاتکۆیانە ، ئەم دەسەڵاتە لەوەدا بەرجەستە ئەبێتەوە چۆن کەسانێکی پارێزەرو بەرپرس و کاربەدەستانی ئەم دەسەڵاتە بەرژوازیەن و نمایشی هێزی سەربازی و پۆلیسی خۆیان نیشانئەدەن.
لەلایەکی ترەوە تەنانەت مردنی سەرکەکان ئەبە بەبێتە هۆی بەهێزکردن و چەسپاندنی دەسەڵاتداریەتی بەرژوازی لە کەمەڵدا ، ئەوان ئیانەوێت بەم پڕاکتیکە سیاسیانە جەماوەر بخەنە خەونێکی ناخۆشەوە کە ژیانی خۆیان لە بیر بەرنەوەو بەلایانەوە گرنگ نەبێت و خۆیانی بە گیانفیدا بکەن …!

هیڤاندەمکی درێژخایەنی بەرژوازی لە هەرێم بە لە بیربردنەوەی تەواوی نەهامەتی و قەیرانە ئابووری و سیاسیەکانی هەرێم بوو کە بەدرێژایی ٢٦ ساڵ خەڵکی بەدەستیەوە ئەناڵێنن .
قەیرانی شکستی ئەم گاڵتەجاڕیەی هیڤاندەم بە مەراسیمی نەخشبەکێشراوی مردنی جلال طالبانی لە بیر ئەم جەماوەرە ئەبرێتەوەو لە تەواوی شارو شارۆچکەکانی هەرێم چەندین بەنەو موناسەبەی تەعزیەو شیوەنگێڕان سازئەکرێت .

ووتیان ئەم شیوەنە ئەبە حەوت ڕۆژ بخایەنێت ، بەڵام پێ ئەچێت کە بەم زووانە تەواو نەبێت ، چونکە حەو مانگ بێت ، یان حەوت ساڵ بێت ، یان ببێتە شیوەنکی دائیمی کوردان کاتێک مەزارگا بە سەرکەکۆیان دروست ئەکەن ، وببێتە شیوەنکی تر لە جۆری شیوەنکانی حسن و حسێن و علی کوڕی طالب کە سەدەها ساڵە کوژراون .

صابر . م

کتێبێک بۆ چینی نوخبەی خوێندەران ... هەژار

پاش ماندووبونکی زۆر ؛ بەمزووانە بڕەمی کتێبکی جیاوازی شیعر دکۆتە بردەستی خوێنەران، ئەو خوێنەرانەی بۆ دوای تازگەریی و زمانکی تردا دگەڕێن تا لە شتکان تێبگەین، هەوڵدانکیشە بۆ رزگارکردنی شیعر لە بازنە داخراوکان و تکشکانی زمانی باوی شیعرو چەشەو دیدی چەقبەستووش، تانانەت ژیان و خۆ نووسینەوەیە بۆ پنووسکی جیاواز و لەبڕکردنی بڕگکی نوێیە لە بازاڕی مەعریفە، رنگە خوێندەری (نا بڕەمهەن) بپرسێت بۆچی شیعری ئەمڕۆ خۆی لە خێدا هەیە تا شتکی نوەمان پشکش بکات؟ ئەم جۆرە پرسیارانە هەمیشە لە لایەن ئەو مرۆڤانەوە کراون کە لە پراوێزی ژیاندا خۆتوون.
لە هەمان کتێبدا و لە پش ماڵئاوایدا وتەیك نووسراوە، رنگە بە وەڵامدانەوەی ئەو جۆرە کسانە گونجاو بێت ئا لەڕدا ئاماژەی پ بکەین-
ل١٣٢:-
" گەر بمانەوێت ئاست و چۆڕو مەیلی خوێنەرکی سادە بۆ لای دەقکی باشدا رام بنین و ئاراستە بکەین، پۆیستی بە کاری هەمەلایەن و جۆهەرییە.. دەبێت بونیاتنان و هەڵگەڕانەوەیکی ێیشەیی لە زۆربەی باکراوندکانیدا بکەین، ئەمەش کارکی زۆر گرانەو هەرگیز لە شەو رۆژکدا وەدی نایەت."
ماوە بەینین ئەو کتێبە زۆر دەقی شیعریی لە خۆ نگرتووە، چونکە پەند وەرگرتن لە چەنایەتییەکانی چەندایەتی، بەڵام زۆر شتی تێدا گوتراوە، لەکەینەوەکانی دەقکانیش تەنیا جۆرك خوێندنەوەن و دوا خویندنەوەش نین، چونکە هەمیشە دەقی کراوە هەڵبژاردن و راڤەو تگەشتنکان بە خودی خوێنەران جێ دەهێڵێت و ئازادیان دکات بۆ گوتنی وتەی خۆیان.